کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

8-7-2007 2:20  بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**دەسا هەولیریەکان کودەتایەک دژ بە گەندەلیزم ... عەزیز خدر عەبدولا:**



سەرەتاتکیی دەستپیکی قوناغیکی تازە ودروست سەرەتای میژوویەکی تازەیەوپیویستیەکی زەمەنیە کە دەبیت سەرهەلبدات وبەودەسەلات وگەندەلە بەریوەبەرانی ئەو دەسەلاتە بوتریت کە ئیمەین هەولیرین وچیتر رازی نابین بە خەوتن ورابوین ودەمانەویت بە هەموو ئەو گەندەلانە بلیین کە چیتر بوتان ناچیتە سەر لەسەر ورگی ئەم میللەتە سکی خوتان بئاخنن وخوینی ئەم میللەتەش نوشی گیان بکەن، ئەوە ئیمەین چیتر رازی نابین وچیتر ناهیلین لەسەر ورگی ئیمە یاری دامەهارە بکەن وچارەنوسمان شەق شەقینی پیبکریت.

دلنیام لەوەی کەزوربەی هەولیر وهەولیریەکان لەم بارودوخەی ئیستای هەولیر رازی نین وچیتر ئیتاعەی نویژی کرنوش بردن بو سەرکردە خوین خورەکان نابەن وچیتر ئەو بەردە نابن کە دامەدزەکان بیان جولینن.

گەر دەسەلات وحکومەتیکی گەندەل وروتین هەبیت وبە زور خوی سەپاندبیت بەسەر ئەم میللەتە دەبیت ئەو میللەتەش توانستی ئەوەی هەبیت کە بە ئینقلابیک کوتایی بەم هەموو درندەیی ودزیی وچەتەییە بینیت کە سالانیکە ئەم خەلکە بەدەستیەوە دەنالینیت هەربویەش دەسا هەولیریەکان ئەمرو روژیەتی وبە هەموو جەلادوپارە رفینەرانی حزب ودەسەلاتە بلین چیتر لیتان قبول ناکەین ودەبیت هەمووتان راپیچی بەردەمی دادگا بکەین چونکە هیچ نەما لەبەرامبەر ئیمەی میللەت بەکاری نەهینن و نەیکەن، ئەوە ئیمەین بریارمانداوە بیینە سەرجادەو چیتر لەژوورەکاندا گلەیی ناکەین بەلی ئەوە ئیمەیین داوادەکەین وبریار دەسەپینین بەسەردەسەلاتدا وگەرنا ئەم دەسەلاتە نغرو دەکەین وجهەنەمیک بو پیاوە داوین پیسەکانیشی دەخولقینین وینەی نەبیت.

جاریکیتر دلنیام لەوەی کە دروشمی خیانەتی پارتی چیتر نابیت لەلایەن هەولیریەکان قبول بیت وبانگەشەی رزگارکردنی هەولیر ئەمرو لە دژی گەندەلی وروتینیات وسەرخستنی شورشی یەکسانی پیویستیەکی ئیستایە بو هەموو کوردستان وبە تایبەتی بو هەولیر چونکە پایتەختی حکومەتیکی دیکتاتورو خو فەرزکەرە، هەولیر ئەمرو لە ژیر رەحمەتی حکومەتی بنەمالە ئەنفالیکی مودیرن بەخویەوە دەبینیت. هەولیری ئەمرو وهەولیریەکانی ئەمرو لە ژیر دەسەلاتی پارتی و بارزانی لە بیئاوی وبیکارەبایی و بیجادەیی وبیخزمەتگوزاریی دەنالینن...

هەولیر ئەمرو بووە بە پایتەختی دز وپارەخوران نەوەک پایتەختی ولاتیکی مودیرن وسەردەمی، خودی هەولیر دەسەلاتی عەشائیری خوی بەسەردا سەپاندووە کەواتە ئەوەی باس لە مودیرنەو شتە سەیرەکانی وەک مودیرنە بکات وەک ئەوایە بەس لە گوپی خوی بدات وهیچیتر گەرناس بو باس کردن لە مەسولی دزوناپاک وناراستگو ئەوە چەندی بلییت زورن ژمارەیان ئیجگار زورەو لە ژمارە نایەن سەیرەکە لەوەدایە کە لای هەردوو حزبی دەسەلاتداریش شەری دزی وشەرە کورسی غائینی لەسەر دەکەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8-7-2007 2:20

جاریکی تریش دەسا هەولیریەکان رابن وکودەتایەک بە پالپشتی ئیرادەی خوتان وەک میللەت بەرپا بکەن وچی جادەو کولان هەیە برژینە ناوی ودەنگ بەرزبکەنەوە بو لەناوبردن و بنبرکردنی یەکجارەکی هەرچی فەسادی ناو دەسەلات هەیە وکوتایی بهینن بەو خو سەپاندن ودیکتاتوریەتە و شورشیک رابگەینن دژ بە گەندەلی ونایەکسانی و ناتەبایی... 30 حوزەیرانی 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.